سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان PCCI

The Protection Center for Defends of Children's Rights in Iraq -مركز الدفاع عن حقوق الاطفال في العراق

"The way a society treats its children is the most telling testimony to its humanity and liberty. Children must come first, above any national, economic, political, ideological, religious and cultural considerations and interests." ***The Founding Document of The Protection center for defens of chidren's rights in Iraq***

children first

ئاگادری...

## دایکان وباوکان..هاوکاری منالەکانتان بکەن بۆ بەشداری لە پێشانگای تۆکیۆ لە یابان.

**پاش سلاوو ڕێز ....**



**دۆستانی ئازیز... سەنتەری منالان بە هاوکاری MDS کە ڕێکخراوێکی یابانی یەو هاکاری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانە، کار لەسەر پرۆژەیەك دەکەن بۆ منالان بە ناوی مۆنۆمێنتی ئاشتی (نصب السلام)، کە بریتییە لە هێمایەك بۆ لێك نزیك کردنەوەی منالانی کوردستان و عێراق لە منالان تر لە وولاتانی ئەوڕپی و یابان، بۆ ئەم مەبەستە تا ئێستا چەندین جار چەند منالێك لە ڕێگەی سەنتەری منالانەوە لە کوردستان و عێراق چوونەتە وولاتی یابان بۆ بەشداری لە فێستیڤالی زینکۆ ، وە چەندین چالاکی جۆراو جۆرمان لەم بارەوە لە شارەکانی کەرکوك و بەغداد ئەنجام داوە.**

**ئامانجیش لەم کارانە هەرچی زیاتر بەئاگا هێنانەوەی منالان و ئاشنا بوونیانە بە دنیای دەوروبەریان ، بەسەربردنی کاتێکی خۆش ، ڕاهێنانیان لەسەر ئاشتی دوورخستنەوەیان لە شەڕ و شۆڕو کوشتن و بڕین، وە خۆشەویستی منالانی نەتەوەجیاجیاکان تر، خۆشەویستیان بۆ ئاشتی و ئارامی، لێك نزیك کردنەوەو ئاشناییان بە کولتورە جیاجیاکان.**

**هەر لە درێژەی کارەکانی ئەم پرۆژەیەدا بەرواری 1-12-2006 لە تۆکیۆ – یابان سەنتەری منالان بە هاوکاری MDS هەڵدەستێت بە کردنەوەی پێشانگایەك بۆ منالانی عێراق و یابان. وێنەکان دەبێت بە دەست و پەنجەی ناسکی منالان خۆیان دروست کرابن، هەر ئەو وێنانەی کە لەسەر پەڕە کاغەزی ئاسایی ڕۆژانە منالان بۆ سەرحاڵی خۆیان دەیکێشن ، ئەو وێنانەی کە هەر یەکەیان لە ساتە وەختێکدا منالان بیرۆکەیەك بە خەیاڵیاندا دێت، یان ڕووداوێك هەستی ناسکی منالەکە دەبزوێنێت و قەڵەم بۆیەکەی هەڵدەگرێت و گوزارش لەو بیرۆکەو خەیاڵە دەکات کە بە مێشکیدا هات....هتد. ئەم وێنانە دەبنە جوانترین تابلۆ کە بەهۆیەوە منالەکەت بەشێك لە یادگارەکانی خۆی تێدا لە خۆدەگرێ. هەر ئەمەشە دەبنە ئەو تابلۆ جوان و ئالاو والانەی کە منالەکەت بەهۆیەوە دەتوانێ بەشداری پێشانگای سەنتەری منالان و MDS لە یابان بکات.**

**داواکارییەکان:-**

1. **ئەو منالانەی کە تەمەنیان لە نێوان 4- 12 سالاندایە بۆیان هەیە بەشداری ئەم پێشانگایە بکەن.**
2. **هەر منالێك بۆی هەیە بە 5-10 (یان زیاترو کەمتر بە بێ دیاری کراوی) تابلۆ بەشداری بکات.**
3. **ناو ، ناوی شار، تەمەن و وێنەیەکی منالەکە لەگەڵ تابلۆکاندا بنێرن.**


| | | | |
|---|---|---|---|
| **Adress**: CFBRI<br>c/o S. Fatih<br>Parkvägen 44A<br>802 64 Gävle | **CFBRI**<br>E-post: cfbrii@spray.se<br>www.santarimnalan.com<br>Org.nr: 885002-2842 | **Postgirot:**<br>39 08 04 – 3 | **Kontaktperson**: Sherzad Fatih, ordförande<br>Tfn. 073 57 15 449<br>Sherzad_f@yahoo.com |

"The way a society treats its children is the most telling testimony to its humanity and liberty. Children must come first, above any national, economic, political, ideological, religious and cultural considerations and interests." ***The Founding Document of The Protection center for defens of chidren's rights in Iraq***

4. **ئەم پێشانگایە بۆ منالانە ، بۆیە ئێمە بۆمان گرنگ نییە کە منالەکە چییەو سەربەچ نەتەوەیەکە، هەموو منالانی عێراقی( کورد، عەرەب ، تورکمان ،ئاشوری و هەموو ئەوانی تر) بۆیان هەیە بەشداری لەم پێشانگایەدا بکەن.**
5. **وێنەکێشراوەکان بنێرن بۆ ئەو ئادرێسەی کە لە کۆتایی دەستی چەپی ئەم لاپەڕەیەدا نوسراوە. کاتی ناردن لەبەرواری ئەم ڕاگەیاندنەوە تا** 20 –11–2006 .

**تێبینی:–**

**ئەم ئاگادارییە بۆ ئەو خەلکانەیە لە لە وولاتی سوید نیشتەجێن.**

**لەگەل ڕێزو خەشەویستیم بۆتان**

**چاوەڕوانی وێنەجوانەکانی منالانی ئازیزم**

**شێرزاد فاتح**

**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان – سوید**

Te: + 46 73 57 15 449

www.santarimnalan.com